پشوا هورامانی:سبەی یان دوو سبەی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش ڕەوانەدەکرێت

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەمە وردبینییەکان بە موچەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی عێراق و هەرێم کۆتایی دێت و پێسبینی دەکرێت ئەمە یان سبەی موچەکانیان ڕەوانە بکرێت.

پێشوا هورامانی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدیمانەیەکی تەلەفزیۆنی ڕایگەیاند، لەبارەی بابەتی موچەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەردەوام لە پێیوەندیدایە.
پێشوا هورامانی ئاماژەی بۆشکرد، پێشبینی دەکرێت ئەمە وردبینی هەریەکە لە دیوانی چاودێری دارایی هەرێم و عێراق بە ئەو پرسە کۆتایی بێت، دوای کۆتایی هاتنی وردبینییەکانیش سبەی یان دو سبەی موچەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش ڕەوانەدەکرێت.